

# سینەمای ئەسغەر فەرهادی

## لە ڕوانگەی (جیابوونەوەی نادر و سیمین)ەوە

## جیابوونەوەی لۆجیك و ئیحساس

**سەعید عەقیقی***

**لە فارسییەوە: حەمە قادر**

جیابوونەوەی نادر و سیمین پێویستی بە سەرنجدانێکی ورد و تەواوەتی هەیە. فیلمێکی جیدی، کە لە دواهەناسەکانی جیدییەتی فیلمەکانی تردا، نیشانەیەکی روون و ئاشکرای بە جیدی وەرگرتنی سینەما، فیلمسازی و بینەرە، بەڵام زەڕوورەتی شیکردنەوەی وردی ئەمجۆرە فیلمانە، کە ژمارەشیان زۆر نییە، رەخنەگر دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەی جیدی ترەوە، واتە رووداورێک کە بۆ نموونە لە بارەی فیلمێکی وەک «دەربارەی ئێلی» رووی دا و لە کۆتاییدا بەوپەڕی سەرسورمانەوە، فیلمەکە لەبری شیکردنەوە و تەنانەت

زیاد لەوەی بەهۆی توانابییەکانییەوە ستایش بکرێت، (مەسرەفکرا). لە جیابوونەوەی نادر و سیمیندا، سیناریۆنووس لەبری پشتبەستن بە تاکە پلۆتێکەوە، دەست دەداتە مەترسییەکی سەرنجڕاکێش و چیرۆکێکی لێوانلێو لە خاڵی ورد و ڕووداوی جۆراوجۆرمان بۆ دەگێڕێتەوە. بەمانایەکی تر، فیلمەکانی ئەسغەر فەرهادی کەم کەم لەسەر رەوتێکی حاشاهەڵنەگر هەنگاو دەنێن، کە لە تێڕوانینێکی تاک رەهەندەوە بۆ چینی نزم، بەرەو ململانێی چینایەتی دەڕۆن (یەکەم هەنگاو بۆ ئاڵۆزبوونی گێڕانەوە) و لە ڕێگەی دروستکردنی خاڵ و بابەتی زۆر ورد و رووداوی سەرنجڕاکێش، پلۆتەکەی فراوانتر دەکات (دووەم هەنگاو بۆ ئاڵۆزبوونی گێڕانەوە). بە دەستەواژەیەکی تر، جیابوونەوەی نادر و سیمین نەک لەبەر کامڵی لە ستراکتۆر و بونیادیبوون لە تەعبیری سینەماییدا، بەڵکو بەهۆی ملنەدان لە خستنەڕووی پلۆتێکی تاک هێڵ و بەهانەی دووبارەی چیرۆکبێژی و رۆیشتن بەرەو کێشە و گێڕانەوەی لۆجیکی، لەسەر بنەمای پلۆتی سەرەکی و دەسەڵاتی زیاتر بەسەر ریتمی سروشتی وێنەکان لە دەرهێناندا، ئاڵۆزترین و گرنگترین فیلمی ئەسغەر فەرهادییە. ئەم نووسینە لەگەڵ شیکردنەوەی بونیادی گشتیی فیلمەکە، هەوڵدەدات قۆناغەکانی دروستبوونی ئەم ئاڵۆزییە و مەترسییەکانی رۆیشتن بۆ ئەم سەرمەشق و مۆدێلە، لە فیلمەکانی تری فەرهادیشدا شی بکاتەوە.

### ڕووداو/ تەوەری(١)

جیابوونەوەی نادر و سیمین بەدەر لە ڕەواڵەتەکەی، فیلمێکی رووداو تەوەرە، نەک کاراکتەر تەوەر. دەکرێ ئەم تایبەتمەندییە لە رێگەی ئەو رووداوانەوە کە رەوتی چیرۆکەکە دەگۆڕن، خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

لەو فیلمانەی کە تەوەرەکەیان لەسەر رووداوە، زەمینەکانی دروستکردنی کاراکتەر بەشێوەیەکی سروشتی لە سنووری ڕووداودایە و ملکەچکردن بۆ ریتمی سروشتی ژیان بۆ باوەڕهێنان بە رووداوەکان، بابەتێکی پێشبینیکراوە. لە فیلمەکانی فەرهادیدا کاراکتەرەکان (بە رواڵەت) لەسەر بنەمای دووری و نزیکی لە رووداوی سەرەکییەوە پێناسە دەکرێت. بەڵام تەرکیز خستنەسەر ئەم خاڵە، دەری دەخات کە لە فیلمەکانی پێشووتریدا، ئەم خاڵی پاڵپشتییە تا چ رادەیەک بووتە خاڵی لاوازی فیلمەکان. فیلمی (سەما لە غوباردا) بەشێوەیەکی گشتی دابەشبووە بۆ دوو بەشی شار و بیابان و کچ و دایک (کە لە نیوەی یەکەمی چیرۆکەکەدا، کاراکتەری سەرەکین)، بە کاریگەریی گۆڕینی جوگرافیا، لە چیرۆکەکە دەچنە دەرەوە. بەشی یەکەمی ئەم فیلمە کە نزیکەی ٣٠ خولەک دەخایەنێت، لەگەڵ چەند رووداوێک (ناڕەزایی خێزانی نەزەر لەگەڵ هاوسەرگیریی ئەو و رێحانە، جیابوونەوە، بەسەرهاتی گرەنتییەکە و...) بەرەو پێشەوە دەڕوات و بە رووداوێکی گرنگتر (خۆشاردنەوەی نەزەر لە سەیارەکە) دەگاتە بەشی دووەم و لەوێش رووداو لە دوای رووداو بەدوای یەکدا دێت! لە فیلمی (شاری جوان)دا فیلمەکە بۆ دوو بەشی خانەی نەوجەوانان و شار دابەش دەبێت و رووداوەکان بە تەواوی لە شاردا و لە نێوان دوو گرووپی رزگارکەر (عەلا و فیرۆزە) و خاوەن خوێن (ئەبولقاسم) دەگوزەرێت. لە ئاکامدا هەموو پێشەکییە نائاساییەکەی ناو خانەکە و هاتنەدەرەوەی عەلا لەوێ هیچ ئەنجامێکی نابێت. (بەڕاست مەگەر عەلا هاوڕێی ئەکبەر نییە؟ مەگەر نازانێت کە ئەکبەر گەیشتە هەژدە ساڵ لەسێدارە ئەدرێت؟ ئەی بۆچی ئاهەنگی لەدایکبوونی بۆ گێڕاوە؟) و فیلمەکە بە

# فیلمساز لە دەرهێنان و خستنەڕوودا بەرەو پێش دەچێت، بەڵام لە دروستکردنی کاراکتەردا تووشی کێشە دەبێت

سادەیی ئەتوانێت لەم پارادۆکسی نێوان لۆکەیشن و گروپەکانی ناویەوە کە لە دوو فیلمی سەرەتایی فەرهادیدا دەبینرێت، لە چوارشەممە سوری بەرەو فۆرمێکی چینایەتی بڕوات و هەر لەبەر ئەمەش دژوارییەکانی سیناریۆنووس و فیلمساز ئاشکراتر دەکات. شتێک کە فیلمەکە جیادەکاتەوە و دوارتر لە کێشە سەرەکییەکان دەڕوانێت، دروستکردنی فشار و ململانێیەکی بەردەوامی نێوان کاراکتەرەکانە. فیلمساز لە دەرهێنان و خستنەڕوودا بەرەو پێش دەچێت، بەڵام لە دروستکردنی کاراکتەردا تووشی کێشە دەبێت. کێشەی سەرەکیی فیلمەکە لێرەدایە کە ململانێی بنەڕەتیی ناو فیلمەکە (چوارشەممە سوری): واتە هەر ئەو شتەی کە بینەر بەدوایدا وێڵە، (ژنێک کە گومانی ئەوەی هەیە مێردەکەی لەگەڵ ژنی دراوسێکەیان پەیوەندیی هەیە) بەتەواوەتی لە (سێگۆشەی ئەپارتمانی (شوقەیی) چینی ناوەڕاستدا ڕوودەدات و ئەو کچەش کە بۆ خزمەتکردن هاتووەتەماڵەکەیان، جگە لە بینینی کێشە و ململانێکان، هیچ کارێکی نییە بیکات. هەر لەبەر ئەمەش بینەر زۆر زووتر پێش (کاراکتەری بینەری) ناو فیلمەکە ڕووداوی سەرەکیی فیلمەکەی بۆ ئاشکرا دەبێت و لە ئەنجامدا هەستی پێویستنەبوونی ئەم کەسایەتییە لە کۆتایی فیلمەکەدا وەک پرسیارێکی ئاشکرا خۆی قوت دەکاتەوە. هەڵبەت لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزی واقیعگەرایی لە فیلمەکانی فەرهادیدا هەمیشە ڕێگەیەکی زیاترمان بەڕوودا دەکاتەوە. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە کاراکتەرەکانی ئەو، نەک بە کاریگەریی (واقیعی بوونی) خۆیان، بەڵکو تەنها لەژێر کاریگەریی (ڕووداو)ی بەردەمیان کاردانەوە نیشان دەدەن. کەواتە تێڕوانینی (ڕووداو/تەوەر) لە فیلمەکانی فەرهادیدا بووەتە هۆی نەبوونی دروستکردنی کاراکتەر لە بەرهەمەکانیدا. بە مانایەکی تر، ناتوانین شوێنەواری کاراکتەرسازی لە فیلمەکانیدا ببینینەوە. لوتکەی گەورەیی دەرهێنەر لەوەدایە پشت بە ڕووداوێک دەبەستێت و کاراکتەرەکانی تر و پەیوەندییەکانیان بەدەوریدا کۆدەکاتەوە، ئەمە هەر ئەو ڕەگەزە جیاکەرەوەیەیە، کە لە فیلمێکی وەک دەربارەی ئێلی بینیمان. گرنگترین و باشترین سکانسی فیلمەکە، کە هەموو سکانسە نالۆجیکییەکانی پێشوو لە بیری بینەر دەباتەوە

لوتکەی گەورەیی دەرهێنەر لەوەدایە پشت بە ڕووداوێک دەبەستێت و کاراکتەرەکانی تر و پەیوەندییەکانیان بەدەوریدا کۆدەکاتەوە، ئەمە هەر ئەو ڕەگەزە جیاکەرەوەیەیە، کە لە فیلمێکی وەک دەربارەی ئێلی بینیمان



پەیمان میعادی

(هەر ئەو نیو کاتژمێرە ناسراوە و قابلیی لابردنە کە دەکرێ و چەند خولەکێکی بهێڵینەوە و ئەوەی دیکەی بۆ مەبەستی سورپرایز لە بەرامبەر رووداودا بهێڵرێتەوە)، سکانسی بەردەوام و نایابی هەوڵدانە بۆ رزگارکردنی منداڵەکە و دواتر ئاگاداربوونە لە ونبوونی ئێلی. لەو سکانسەشدا، کاتکردنی بەردەوام، تێگەیشتنی هەلومەرجی جوگرافیایی سکانسەکە قورستر دەکات، بەڵام ئەم خاڵە لە بەرامبەر ونبوونی لەناکاوی بینەر (لە رووداو)ی سەنتەری فیلمەکەدا زۆر گرنگ نییە. فیلمەکە بەشێوەیەکی گشتی تەنها پشت بەم شارووداوە دەبەستێت و هەوڵدەدات کە کاراکتەرسازی و شوناسی مرۆڤەکان (جگە لە ئەحمەد و ئێلی) بەهۆی دروستکردنی دڵەڕاوکێوە لەبیر بینەر بباتەوە. کەواتە هاوکێشەی (رووداو یەکسانە بە فشاری بەردەوام)، ئاراستەی گشتیی فیلمی دەربارەی ئێلی دیاری دەکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە پرسیاری پێش و دوای ئەوە، وەکو نەزانینی شوناس (و تەنانەت ناوی ئێلی) گرنگیی خۆیان لەدەست دەدەن و بە راستی کێشە نییە کە ئەحمەد برای نازییە یاخود سپێدە. (ئایا لە فیلمێکی کاراکتەرسازدا، جیاوازی نییە؟) یاخود نازی و هاوسەرەکەی لە فیلمەکەدا ئامادەبوونێکی کاریگەریان هەبێت یان

نا،... هەموو ئەم تەمومژ و ئاڵۆزییانە، لەژێر کاریگەریی بێ چەندوچوونی (رووداو)دا کاڵ دەبنەوە و گرنگیی خۆیان لەدەست دەدەن. رەنگە کێشەی فیلمەکانی فەرهادی ئەوەبێت کە رووداوەکان، ئەگەر دەرهێنانێکی رێکخراو بۆ وردەکارییەکان نەکرێت، لە بینینی دووەمدا کە تەمومژی رابردوویان نییە و بینەر هەلی ئەوەی بۆ دەرخسێت کەمێک لە هەستەکانی دووربکەوێتە و بیر لە لۆجیکی رووداوەکان بکاتەوە. جیابوونەوەی نادر و سیمین لەم لایەنەوە جیاوازییەکی ئاشکرای لەگەڵ فیلمەکانی تریدا هەیە و گرنگترین تایبەتمەندییەکەی پەیرەوییکردنە لە مۆدێلی سیناریۆنوسی (سید فیلد)(٢)ە بۆ تەماشاکردنی مەقولەی دروستکردنی رووداو. رووداوی سەرەکیی فیلمەکە دوای تێپەڕبوونی چل خولەک لەسەرەتای فیلمەکە روودەدات و تاڕادەیەکی زۆر هەموو رووداوەکانی دواتر، لێکەوتەی حاشاهەڵنەگرن، کە (سەرەتا) پەیوەندییان بەم رووداوەوە هەیە و (دواتر) لەپێناو ئاشکراکردن و گەیاندنی کەسایەتییەکان بە هاوسەنگییەک کە دەرهاوێشتەی ئەم رووداوەیە بەرەوپێشەوە دەچن. لە سیستەمی درامیی دەربارەی ئێلیدا، پاساوهێنانەوە بۆ نەبوونی پەیوەندی رووداوە سەرەکییەکانی ئەم فیلمە رووداوسازە لەگەڵ رووداوی سەنتەری (رزگارکردنی منداڵەکە و ونبوونی ئێلی) بەهۆی لۆجیکی (سورپرایز)ەوە زۆر دژوار نییە. کێشەی سەرەکی



ساره بەیات

## ستراتیژی فیلمسازیی ئەسغەر فەرهادی بەجۆرێکی ڕاستگۆیانە، غەزیزی و خۆڕسکە و لە ئایدیۆلۆژیا و مەیلی چینایەتیی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت

دوای دامرکاندنەوەی تۆفانی رووداوی سەنتەری ئاشکرا دەبێت. لۆجیکی ناشییانەی هاتنەناوەوەی دەستگیرانی ئێلی بۆ ناو بەسەرهاتەکە، پەیوەندیی دواساتەکانی چیرۆکەکە لەگەڵ دروستکردنی کۆتایی فیلمەکە بەتەواوی نامێنێت: گرنگ نییە ئێلی مردووە یان نا، گرنگ ئەوەیە پێش مردن، دەستگیرانەکەی خۆشویستووە یان نەخێر (بەڕاست شەری دەستگیرانی ئێلی لەگەڵ ئەحمەد و ئامادەبوونی ئەحمەد لە ڤێلاکە، بەتەواوی ئەم پرسیارە بەدرۆناخاتەوە؟) لە جیابوونەوەی نادر و سیمیندا وەک چڕترین و تەرکیز لەسەرکراوترین سیناریۆی فەرهادی تا ئەمرۆ، دوو رووداوی (بناغە) و (پەیڕەوی بناغە)، (شەری نادر و ڕازییە، داوای جیابوونەوەی سیمین) لە یەک فەزاو و لەنێوان کەسایەتیی دیاریکراودا روودەدات. کاراکتەرێکی چاودێر، ڕایەڵ یان سەرلێشواو (وەکو چوارشەممە سوری و دەربارەی ئێلی) بوونی نییە و هەوڵ دەدات لە رێگەی بەشداریی هەموو کەسایەتییەکانی دوو خێزانی پەیوەندیدار لە دوو لایەنی رووداوەکەوە، رووداوی سەنتەری فیلمەکە بەرەوپێشەوە ببات. ئەم خاڵە هەم بۆ فەرهادی و هەم بۆ سینەمای ئێران، کە کەسایەتییەکانی بە زۆری بۆ دروستکردنی رووداوی بێ ئەنجام دێنە ناو فیلمەکە یان دەڕۆنە دەرەوە و ئامادەبوون و نەبوونیان لە زۆربەی رووداوەکاندا کەمترین پەیوەندیی بە رووداوی سەنتەرییەوە نییە، سەرکەوتنێکی کەم نییە. رووداوی سەرەکیی فیلمەکە (لەبارچوونی منداڵەکەی رازییە) لە خۆیدا بۆ دوو بیانووی (بناغە/چوونەدەرەوەی نادر لە ماڵەکە و بەستنەوەی باوکی نادر و بە جێگەکەیەوە) و (پەیڕەوی بناغە/تۆمەتی دزی)، دابەش دەبێت. بە ڕواڵەت ئایدیای دووەم (هەڵگرتنی پارەکە) کە لای نادر بیانوویەکی لاوەکییە، دەبێتە هۆکاری سەرەکیی ئەوەی رازییە روو لە دادگا بکات. (دیالۆگی رازییە: «بەلەبارچوونی منداڵەکەم ئەوەندەی تۆمەتی دزی دڵتەنگ نەبووم»). کەواتە هەڵگرتنی پارەکان زیاد لەوەی دەردەکەوێت بەلای رازییەوە گرنگە. فەرهادی زۆر بە زیرەکانە هەستی بەم بابەتە کردووە و وەک پێشەکییەک، پێدانی پارە بە حەماڵەکانی گوێزەرەوەی پیانۆکە نیشان ئەدات بۆ ئەوەی «تۆمەتی دزی» لەلایەن نادرەوە بە هۆکاری کەمتەرخەمیی سیمین بزانین، بەڵام پرسیارێکی بچوک دێتە ناوەوە کە لە ناو فراوانترکردنی چیرۆکی سەرەکیدا ون دەبێت (یان بێ بایەخ دەبێت): تێرمە کە هەڵگرتنی پارەی ناو چەکمەجەکە لەلایەن دایکییەوە دەبینێت، بۆچی ئەم بەدحاڵیبوونە چارەسەر ناکات و بە نادر ناڵێت کە سیمین پارەکەی هەڵگرتووە؟

**جەبرگەرایی(۳)**

ستراتیژی فیلمسازیی ئەسغەر فەرهادی بەجۆرێکی ڕاستگۆیانە، غەزیزی و خۆڕسکە و لە ئایدیۆلۆژیا و مەیلی چینایەتیی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت. شیکردنەوەی ئەو نەستەی ناو جیابوونەوەی نادر و سیمین (بە پلەی یەکەم) و وەک دەقێکی سەربەخۆ (دواتر) وەک خاڵی وەرچەرخانی رەوتی فیلمسازیی فەرهادی بە گەڕانەوە بۆ فیلمەکانی پێشوو، ئەوە دەردەخەن کە پێگەی کەسایەتییەکان بەرامبەر هەلومەرجی جەبری، ناوەرۆکی هاوبەشی هەموو بەرهەمەکانییەتی. ئەم تێڕوانینە لەلایەکەوە نیشاندەری پەروەردەی ئایینیی دەرهێنەر و لەلایەکی ترەوە دەرخەری زیرەکیی ئەوە لە هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی بینەر لە ئێرانی دابەشکراو بەسەر دوو چین، کە لەم فیلمەدا رووبەڕووی نوێنەری یاسا

لە جیابوونەوەی نادر و سیمیندا وەک چڕترین و تەرکیز لەسەرکراوترین سیناریۆی فەرهادی تا ئەمرۆ، دوو رووداوی (بناغە) و (پەیڕەوی بناغە)، (شەری نادر و ڕازییە، داوای جیابوونەوەی سیمین) لە یەک فەزاو و لەنێوان کەسایەتیی دیاریکراودا روودەدات

وەستاون و شکات لەیەکتری ئەکەن، دەستوپەنجە لەگەڵ جەبرێکی هاوشێوەدا نەرم ئەکەن. فیلمەکە لانی کەم وەڵامی یەکێک لە پێویستییەکانی هەردوو چینەکە ئەداتەوە: واتە پێویستیی بە جیدی وەرگرتن. وێنەی ساختەکراوی هەردوو چینەکە لە سینەما، میدیا و ژیاندا، کە وەک ئاپۆرایەک تەنها «لە شوێنکاتی گونجاودا» لەکاردەبرێن، رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی فیلمەکە زیاتر ئاشکرا دەکات. (حوججەت: تەنها منداڵەکانی تۆ مرۆڤن؟ منداڵەکانی ئێمە توتکە سەگن؟. نادر: دەبێ سوێند بە خوا و پێغەمبەر بخۆم؟. حوججەت: ئێوە کەی ئەوەندە ئەهلی خوا و پێغەمبەرن؟. نادر: نا، خوا و پێغەمبەر هەر هی ئێوەیە!). ئەم مەترسی و ریسکە جەبرگەرایانە زۆر ئالۆزترە لەوەی کە دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی دەتوانێ وەک شمشێرێکی دوو لێوار کاربکات. لەلایەکەوە تێگەیشتنی قوڵ لە پاڵنەری کەسایەتییەکان بە کاریگەریی رووداوەکانی فیلمەکە کاڵدەبێتەوە و لەلایەکی ترەوە جۆرێک هەستی هاوبەش لەنێوان بینەر و هەموویاندا دروست دەکات. ئەم سێگۆشە جەبرگەراییە، لایەنێکی سێیەمیشی هەیە: سەرباری سەرکەوتنی هەمەلایەنەی فیلمساز بۆ رێنماییکردنی ئەکتەرەکان و هەوڵی رازیکەری هەموویان بۆ جێکەوتن لە فەزای فیلمەکەدا، بەڵام سیمین بەهۆی دووربوون لە رووداوی سەنتەری فیلمەکە، نانۆرماڵترین کاراکتەری فیلمەکەیە. بەراوردکردنی پەیوەندیی ئەو لەگەڵ تێرمە (کە لە کاردانەوەی هێسترییایی و رەفتاری نائاسایی زیاتر نییە) بەراورد بە نادر (سکانسی شاکاری بەنزینخانەکە، یان شیکاری هاوکێشەی بیرکاری)، ئەوە دەردەخات کە دەرهێنەر لە تەراتێنێکی لۆجیکیی نێوان نادر و حوججەت، پێشتر زەمینەی ململانێی نێوانیانی فەراهەم کردووە. لەم نێوەندەشدا رۆڵی سیمین تەنها وەک تێپەڕین لە قەیران (هێنانی تاپۆ بۆ نادر، رۆیشتن بەدوای حوججەت)دا کەمبووەتەوە. جگە لە جەبری دراماتیک، هۆکارێکی دیکەش لەئارادایە: سیمینی سەر بە چینی ناوەڕاستی شاری، کە سوورە لەسەر بەجێهێشتنی ئێران، لە چوارچێوەی زیهنی دەرهێنەردا (پاسیڤ) و (ترسنۆک) دەمێنێتەوە و تەنانەت لەم بوارەشدا کەسایەتییەکی هاوسەنگی نییە (وەک تێرمە ئەڵێت: شتەکانی بەجێهێشتووە تا بگەڕێتەوە!). کەواتە، جەبری ژینگەیی/درامیی فیلمەکە، بە کردەوە بەرەو پەیوەندیی ناهاوسەنگی نادر/حوججەت (خۆڕاگری بۆ مانەوە لە وڵاتدا لەلایەک و شەڕێکی نابەرابەر بە گیرفانی خاڵی و دەروونی پەرێشان لەلایەکی ترەوە) دەڕوات و بەهایەکی زیاتری پێ دەبەخشێت. خاڵە سەرنجڕاکێشەکە لەوەدایە کە لە تێڕوانینێکی زۆر جیاوازدا، پێچی کۆتایی فیلمەکە بە زیانی رازییە تەواو دەبێت و کەشفبوونی گرتەی لێدانی ئۆتۆمبێل، دەبێتە هۆی ئەوەی لەسەر حسابی کامڵبوونی بازنەی جەبرگەرای دەرهێنەر، رەوتی نمایشی فیلمەکە کە فراوانتر و دراماتیکتر دەردەکەوت، بە کۆتاییەکی زۆر سنووردارەوە تەواو ببێت. لەبری ئەوەش لێکچوونی کۆتایی و سەرەتای فیلمەکە، ئەم دوولایەنییە جەبرییە بەجۆرێک سەرسوڕهێنەر و سەرکەوتووانە نیشان ئەدات، بیانووەکانی نادر بۆ مانەوە و بیانووەکانی سیمین بۆ رۆیشتن کۆتایی هاتووە، کەلێنی دەروونی خێزانەکە، کە بەشێوەی کاتی بەهۆی ململانێ لەگەڵ چینێکی تردا کاڵتر بووبووەوە، دیسانەوە ئەمجارە بەشێوەی قوڵتر و ئاشکرا، تراژیدیای جەبری چینی ناوەند دەخاتەڕوو: کاتێک کەلێن دەگاتە لێکدابڕان، (هەڵبژاردن)

ماناى خۆى لەدەست ئەدات. گۆڕینى (ڕێکەوت) بۆ (جەبر) لە فیلمەکانى فەرهادیدا، وەک گۆڕینى تەعلیق (٤) بۆ دڵەڕاوکێ و فشار، هەر ئەو ریسکە ئایدیۆلۆژى/دراماتیکییەیە، کە فیلم لە دواى فیلم شێوەى هاوسەنگتر و کامڵتر وەردەگرێت. کۆتایى فیلمى سەما لە غوباردا (هەڵگرتنى پارەى مارگرەکە و پێدانى مارەییەکەى ڕەیحانە، چونکە نەزەر سوێندنى خواردووە پارەکەى ڕێحانە بداتەوە)، نمونەیەکى سەرەتایى و خەمناکى جەبرى نمایشیە لە یەکەم فیلمیدا. شارى جوان شێوەیەکى فراوانتر لە سەپاندنى ئەم تێڕوانینە جەبرییە لە قاڵبى پێچى کۆتایى فیلمەکەدا دەخاتەڕوو: عەلا لە بەرامبەردا دەبێت لەگەڵ کچى ئیفلیجى ژنەکەدا «هاوسەرگیرى بکات»؟ گریمانەى سەپێنراوى فیلمەکە لەسەر نەمانى پەیوەندیى نێوان فیرۆزە و عەلا لەکۆتاییدا، وەک شتێکى زیاد لە بنەڕەت خۆى دەردەخات. شتێک کە وەک دەستکەوتى لۆجیکیى فیلمەکە دەرناکەوێت و دەرهاوێشتەى جەبرێکى نادیار و ئایدۆلۆژییە. چوارشەممە سورى کۆمەڵێکى دوور لە باوەڕ لەم هۆکارە جەبرییانە لاى یەک ریزدەکات کە زۆر لە هەڵە ئاشکراکانى دەرهێنانى نیوەى یەکەمى فیلمەکە ناخۆشترە: ڕێک ئەو رۆژەى کە ژنەکە لەگەڵ هاوسەرەکەى تێکدەگیرێت و کارەکەرەکەش بۆ پاککردنەوەى ماڵەکە هاتووە، ژنى دراوسێکەیان بە پێى جەبرى سیناریۆکە بڕیار دەدات پەیوەندى لەگەڵ پیاوەکەدا بپچڕێنێت و لەناکاو (دیسان هەر لەسەر



ئەسغەر فەرهادى سارینا فەرهادى

## وتار




تەواوی سیناریۆکە بە ڕووداوی سەنتەری و پەیوەستبوونی تەواوی فیلمەکە دیسان بە هەمان ڕووداوەوە، دژوارییەکان یەک لە دوای یەک دەردەکەون: سپێدە ناچارە چەند خولەک جارێک، زانیاریی نوێ ئاشکرا بکات و کەسایەتییەکان، بەهۆی هۆکارێکی بێ بنەمای نەخۆشیی دایکی ئێلیەوە، دەستگیرانەکەی بەرەو ڤێلاکە پەلکێش دەکەن و خۆیان دەخەنە ناو گێژاوێکی نوێوە. (ئایا نوێژکردنی لەناکاوی دەستگیرانەکەی ئێلی، جگە لە سەپاندنی تایبەتمەندییەک بۆ جیاکردنەوەی لەوانی تر، چ سودێکی هەیە؟) و دیسانەوە بەشێوەیەکی جەبری، لەگەڵ گەیشتنی دەستگیرانەکەی بە وەڵامی پرسیارەکە (ئایا منی خۆش ویستوە یان نا؟) یەکسەر تەرمی ئێلی دەدۆزێتەوە! لە جیابوونەوەی نادر و سیمیندا ئەم جەبرگەراییە لە خاڵێکی هاوسەنگدا، توانا تایبەتییەکانی خۆی لە ئاستێکدا دەخاتەڕوو، ئاستێک کە لەگەڵ فیلمەکانی پێشوودا بەراورد ناکرێت. لێکچوونێکی زیرەکانە لە نێوان

بنەمای جەبری سیناریۆکە) مێردەکەشی لە کۆتاییدا دەردەکەوێت! ئەمە شتێکی ڕێککەوت نییە، کە ئەم نیشانە جەبرییانە لە نیو سەعاتی کۆتایی فیلمەکاندا سەرهەڵدەدەن و ڕەوتی فیلمەکە دەگۆڕن. ئەمە ڕێک هەر ئەو بڕگەیەی فیلمە کە ستراتیژییەکەی لە ڕێگەی ئاشکرابوونی ناوەڕۆکەکەی خۆی دەردەخات. لە فیلمی دەربارەی ئێلیدا، بەهۆی پشتبەستنی

# جیابوونەوەی نادر و سیمین خاڵی وەرچەرخانی دوو مەیلی زۆر جیاوازە، کە بە رواڵەت پەیوەندییەکی دیاریکراویان پێکەوە نییە

سوێند خواردن و پەشیمانبوونەوەی ئەم سوێندەی مامۆستاکە و سوێند نەخواردنی رازییە (وەک دادگای سەرەتا و کۆتایی فیلمەکە) بوونی هەیە کە دەتوانین بڵێین لە هیچ فیلمێکی تری فەرهادیدا ئاڵتەرناتیڤی نییە. بە پێچەوانەی ئەوەی زۆر کەس پێیان وایە، بەڵام لابردنی گرتەی رووداوی ئۆتۆمبێلەکە زیانێکی ئەوتۆ لە فیلمەکە نادات، ریسکی گەورە لەو شوێنەدایە، کە نادر سەرباری زانینی رووداوی دکتۆرەکە، بۆ دڵنیابوونەوەی خۆی سەردانی ئەو دکتۆرە ناکات. (ئەو بە سیمین دەڵێت: تا بەخۆم نەسەلمێنم کە لەبارچوونی ئەو منداڵە خەتای من بووە، بڕوا بە قسەی کەس ناکەم!). لەلایەکی ترەوە، سەرباری ئەوەی فیلمەکە لە گۆشەنیگای راوییەکی هەمەشتزانەوە دەگێڕدرێتەوە، بەهۆی سنورداردکردنی فیلمەکە لە ژینگەی ماڵی نادر و هاتوچۆ و گەڕانەوەی نێوان ماڵەکە/ شەقامە/ دادگا و پابەندبوونی تەواوەتیی بە مۆدێلی سید فێڵد، بازدانی دراماتیکیی بینەر بۆ سکانسی ئامادەبوونی رازییە لە شوێنەی کارکردنی سیمین، زیاتر لەوەی جۆرێک ئاشکراکردنی ناخۆشی رووداوی پێشوو بێت لەلایەن سیناریۆنووسەوە، جۆرە جەبرێکی گونجاوە کە بەسەر جیهانبینیی ئەو وەک دروستکەری فیلمێکی رووداوسازدا باڵادەستە. ئایدیای نزیککردنەوەی هەستی حوججەت (و بینەر) لە قەیرانی کۆتایی فیلمەکەدا نەک تەنها زەروری، بەڵکو جەوهەریشە. بەمجۆرە جیابوونەوەی نادر و سیمین خاڵی وەرچەرخانی دوو مەیلی زۆر جیاوازە، کە بە رواڵەت پەیوەندییەکی دیاریکراویان پێکەوە نییە: مۆدێلێک کە پشت بە دوورکەوتنەوەیەکی میکانیکی لە واقیع لە درامێکی رووداوسازیی ئەرستۆیی (وەرگیراو لە سید فێڵد) و مۆدێلێکی تر بریتییە لە فیلمێکی واقیعگەرای ئێرانی. لایەنی هاوبەشی ئەم دوو مەیلە، جەبرگەرایە. بەهەمانشێوە کە کەس لە نووسەری (ڤێرتیگۆ vertigo)ی هیچکۆک ناپرسێت، چۆن لەناکاو جودی دووچاری ئازاری وێژدان دەبێت و بیر لە بەشی کوشتنی مادلین ئەکاتەوە، کە لەلایەن ئەلیستەر کوژراوە، گومانی رازییەش سەبارەت لە رۆڵی نادر لە لەبارچوونی کۆرپەلەکەش بێ پاساو نییە. رەنگە ئەگەر نادر بەم بابەتەی بزانیایە، رێکخراوتر دەبوو، بەڵام بەمشێوەیەش کە دروستکراوە، جەبری فیلمەکە لەسەر ئەو بنەمایە دروستکراوە، کە مرۆڤەکان بەهۆی کاریگەریی هەلومەرجی خۆیانەوە ناچارن درۆ بکەن. لە جیهانی جەبری دەرهێنەردا، مرۆڤەکان یان بەوپەڕی هۆشیارییەوە درۆ دەکەن (وەک نادر و تێرمە) یان بە ناهۆشیاری و نەزانی و بەپەشیمانبوونەیان ئەوەندەی تر بابەتەکە تێکدەدەن (وەک مامۆستاکەی تێرمە)، یان هەڵدێن (وەک سیمین)، یان وەک رازییە بەهۆی گومانکردن لەکاتی خۆیدا، پێچ و گرێی کۆتایی فیلمەکە دروست دەکەن. لەم بازنە بێکۆتاییەی شاردنەوە و درۆیەدا، نهێنییەکی گەورەتر لە کەمتەرخەمی هەیە: ئەوەی کە وەک فیلمە کلاسیکە پڕ لە مەتەڵەکان، دەرفەتی گفتوگۆ لەگەڵ فیلم بە تەواوی دەبێ لە بینەر بسەنرێتەوە. داخستنی هەموو رێگەکانی بیرکردنەوە بەسەر بینەردا، لە فیلمێکی رووداوسازدا شێوەیەکی ناسراو و قابیلی پشت پێ بەستنە، کە بەهۆی زیادکردنی سیفەتی واقیعگەراییەوە، دەتوانین ئەو هاوسەنگییە چینایەتی/نمایشییەی کە فیلمەکە سۆراخی دەکات، بە وردەکارییەکی فراوانەوە بەدوایدا بڕۆین و بە بینینی چەندجارەی فیلمەکە، لە هەردوو بوارەکەدا هەست بە چەندین نیشانە بکەین. بەپێچەوانەی دەربارەی

لە جیهانی جەبری دەرهێنەردا، مرۆڤەکان یان بەوپەڕی هۆشیارییەوە درۆ دەکەن (وەک نادر و تێرمە) یان بە ناهۆشیاری و نەزانی و بە پەشیمانبوونەیان ئەوەندەی تر بابەتەکە تێکدەدەن (وەک مامۆستاکەی تێرمە)، یان هەڵدێن (وەک سیمین)، یان وەک رازییە بەهۆی گومانکردن لەکاتی خۆیدا، پێچ و گرێی کۆتایی فیلمەکە دروست دەکەن

ئێلی، بۆ تێگەیشتن لە جەبری باڵادەست بەسەر جیهانی جیابوونەوەی نادر و سیمیندا، پێویستمان بە سەیرکردنی وردی فیلمەکە هەیە و فیلمێک کە پێویستی بەمجۆرە بینینە بێت، بێگومان لە ئاستی فیلمێکی مامناوەند دەترازێت و زیاتر دەڵدەکشێت.

**واقیعگەرایی**(٥)

خۆشویستنی چەند فیلمی کۆتایی فەرهادی، بەدەر لە نیشاندانی وێنەی چینی ناوەڕاست (هەندێجار بە ورد و دروست و هەندێجار بە نادیار و تەمومژاوی)، زیاتر بەهۆی پاراستنی ریتمی سروشتی ژیان و نغرۆکردنی بینەرەوەیە لە فەزای چیرۆکدا. لە دیدی بینەری ئێرانییەوە، فیلمێک سەرکەوتووە کە «واقیعەکان نیشان بدات» و نمایشی واقیع بەدیاریکراوی لە ڕێگەی نزیکبوونەوە لە فەزای فیلمەوە دروست دەبێت. پێگەی نایاب و دەگمەنی واقیع لە فیلمە ئێرانییەکاندا، دوو هۆکاری پێکەوەگرێدراوی هەیە: یەکەم روانگەی حەشاردەری ئێرانییەکان کە ئامادەیی واقیعیان گۆڕیوە بۆ جۆرە ئایدیالێک کە دەستمان پێی ناگات، دووەم غیابی دڵتەزێنی زۆرینەیەکی خامۆشی چینی ناوەڕاستی شارنشین وەک کەسایەتیی بەرهەست و قابیل بە تێگەیشتن، کە لە ئێراندا گرنگترین بینەری سینەمان. لەئاکامدا، نمایشی هەموو جۆرە واقیعێک کە بەهۆی درووکەوتنەوە لە کولتووری باڵادەست و تایپە باوەکانەوە بێت، توانای ئەوەی هەیە کە لەخۆیدا سەرنجی بینەری چینی ناوەڕاست بەرەو لای خۆی رابکێشێت. لە فیلمی چوارشەممە سوری (رەنگە بەجۆرێکی نائاگامەند) کاراکتەری هەژار و پەراوێزی بەشێوەیەکی پاک و بیگوناه وێنا دەکات و لەبری ئەمەش سێگۆشەی چینی ناوەڕاست بۆ «شێت، ریاکار، خائین» دابەش دەکات. بەشێوەی غەزیری و خۆڕسک، لابردنی ئەم دوولایەنییە لە فیلمی دەربارەی ئێلی، ئەم بابەتەی بەتەواوی سڕیوەتەوە و کاری فیلمسازیی ئاسانتر کردووە، بەڵام ریسک و مەترسیی گرنگتر لە جیابوونەوە نادر و سمینیدا رووئەدات. ئەمجارە واقیع دەبێ لە ڕێگەی ململانێی ئەم دوو مەیلە، بەبێ ئەوەی یەکێکیان لەوەی تر، لە رووی ئەخلاقییەوە سەرتر بێت، نمایش بکرێت. سکانسی تەنهابوونی رازییە لە ماڵی نادر، هەر لە سەرەتاوە ئەوە دەردەخات ئەو واقیعگەراییەی کە دەرهێنەری مەبەستێتی لە ڕێگەی جەبری هەلومەرجەوە دروست دەبێت و نەک بەپێچەوانەوە. دابەشکردنی هەر سکانسێک بۆ هەلومەرجی بچوکتر، وەکو ئامادەیی منداڵان لە دنیایەکدا کە ناچارن لەگەڵی رابێن (دیالۆگی کورتی سومەییە لەگەڵ دایکی پێش شۆردنی باوکی نادر: «بە باوکم ناڵێم!» یان ئەوکاتەی بە سەرسورمانەوە تەماشای ناو حەمامەکە ئەکات) و ئامادەبوونی تێرمە لە دادگادا، ئەوە دەرئەخات کە چۆن جەبری شوێنکات و هەلومەرج، شاردنەوەی شتەکان دەکات بە واقعێکی بابەتی و قبوڵکراو. تێڕوانینی کۆمەڵناسییانەی دەخالەتی منداڵان لە گۆڕینی واقیعدا، یەکێکە لە ناوەرۆکە گرنگەکانی فیلمەکەش. وێنەیەک کە لەسەر منداڵان لەم فیلمەدا دەخرێتەڕوو، جۆرێک ئاگادارکردنەوەیە لەسەر پەروەردەی نانۆرماڵ و پڕ لە پارادۆکسی نەوەیەکی هۆشیار، کە مەترسییەکانی ژیانی دایک و باوکیان، لە جیهانی سروشتیی خۆیان دایاندەبڕێت و دەیانکات بە ئەکتەری ئەم یارییانە. سەیرکردنی سومەییە لە ڕێڕەوی دادگا بۆ تۆمەتبارە کەلەپچە و زنجیرکراوەکان، یان ئامادەبوونی چەندجارەی تێرمە لە بەرامبەر دادوەردا (لەو درۆیەی کە باوکی رزگار

دەکات تادەگاتە هەڵبژاردنی بێهودەی دایک یان باوکی لە کۆتاییدا)، نیشاندەری تێڕوانینی نیگەران و نادڵنیای دەرهێنەرە. دێری بەناوبانگ و پڕ لە سوکایەتیی ئێرانییەکان لە کاتی شەڕ و بەزمدا (من لەبەر منداڵەکەت هیچ ناڵێم!) لەم فیلمەشدا بەرگوێ دەکەوێت. هاوکێشەیەکی خەمناک و (لێرەدا پڕ لە پەشیمانی) کە هاوشێوە نائومێد و واقیعگەراییەکەی لە بەشی کۆتایی و کاریگەری ناو فیلمەکە لە کاتی وتووێژی نادر و سوممەیە لە ماڵەوە (شوێنێک کە نادر بە خستنە ناوەوەی کتێبەکە بۆ ناو جانتای سوممەیە و وتنی ئیتر شەڕ لەگەڵ دایکت ناکەم» هەوڵدەدات دڵی بداتەوە) هەوڵی گەورەکان بۆ گەڕانەوەی ئابڕوو و ڕێزی ڕۆیشتوویان لەبەرچاوی منداڵان،



دەکاتە هەوڵێکی بێ ئەنجام. لەلایەکەوە منداڵانی ناو فیلمەکە یان هەندێک وردەکاری ئەبینن، کە نایبینن (سومەییە بە دایکی: «سەیرکە خۆی تەڕکردووە!») یان ناچارن لە بەرامبەریدا هەڵوێست وەرگرن (تێرمە بۆ باوکی: «تۆ ئەتزانی دووگیانە؟»). تەنانەت لەم لایەنەشەوە نادر بەراورد بە کەسایەتییەکانی تر، لە پێگەیەکی باشتردایە، چونکە هەم ددان بە هەڵەکەی خۆیدا دەنێت و هەم ناچار بە درۆی ناکات، هەم لەکاتی پشکنینی پزیشکیدا لەسەر پشکنینی باوکی بەردەوام نابێت، ئەمە جیاکەرەوەیەکە کە هیچکام لە کەسایەتییەکانی تر نیانە. تەنانەت پێداگریی سیمین لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکە بە پارە، ڕازیبوونی لەسەرخۆی حوججەت، نیشانەی ئەوەیە کە نادر و ڕازییە وەک کەللەڕەقترین کەسانی جەبری دەرهێنەر، زیاد لەوانی تر گرنگن و بە یارمەتیی ئەوانیشە کە چیرۆکەکە بەرەو پێشەوە دەڕوات. تا چەند جەبرگەرایی ئایدیۆلۆژی لە قۆناغی سیناریۆدا بە زیانی ستراتیژی دەرهێنەر تەواو دەبێت (و فیلمەکەش ریسکێکی تەواو–نەک تەواو سەرکەوتوو– بۆ کردنەوەی کۆت و بەندی ئایدیۆلۆژی لەدەست و پێی فیلمسازە)، هەوڵدان بۆ بەواقیعی نیشاندنی زیاتر لە ڕووی دەرهێنانەوە، کاریگەریی فیلمەکانی زیاتر کردووە. پۆلێنکردنی ڕەگەزەکانی واقیعگەرایی لە فیلمەکانی فەرهادیدا، دەمانگەیەنێتە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە:

١)پیاهەڵپژان و شەڕی جەستەیی لە فیلمەکانی فەرهادیدا (بەدەر لە شاری جوان کە بە زۆری لە دەرەوەی کادر ڕوودەدات)، بابەتێکی ئاشکرا و هەمیشەییە. بابەتێک کە هەم فشار و دڵەڕاوکێی دەرهێنەر بۆ بینەر دەگوازێتەوە و هەم هاوسۆزی بینەریش دروست دەکات. لێدانی نەزەر لەلایەن

پاراستنی ریتم و هاوسەنگیی نواندن لە نواندنی دەرەکیدا و لە سنوری زێدەڕۆیی کردن، مەترسییەکی ئاڵۆزە کە بەهۆی زیادکردنی وردەکاری لە نواندن و ئاراستەکردنی دروستی ڕۆڵەکان، بووەتە یەکێک لە خاڵە وروژێنەرەکانی ناو فیلمەکە

حەیدەر (و لە کۆتاییدا، برینی پەنجەی) کە سەما لە غوباردا دەکاتە نمونەیەکی توندوتیژ لە بواری نمایشی توندوتیژیدا، لە فیلمەکانی تریدا فۆرمێکی بابەتی و ماقوڵتر وەردەگرێت و بێگومان بینەرانیش زیاتر لێی نزیک دەبنەوە. نمونەی بەناوبانگ و شایانی باسکردن بۆ ئەم بابەتە فیلمی چوار شەممە سورییە، کە لە رووی لۆجیکی بوونەوە، چەندین فەرسەخ لە نمونە هاوشێوەکانی زیاتر پێش دەکەوێت: مێرد (حەمید فەرۆخ نەژاد) لە نهۆمی بەرزی باڵەخانەیەکەوە، بە چاوێکی وەک چاوی ئەلەکترۆنییەوە، هاوسەرە مانتۆ لەبەرەکەی خۆی کە ئێستا عەبای لەبەردایە دەناسێتەوە! و لە جادەکاندا بە بۆکس و شەق دەکەوێتە گیانی. پاساوی دەروونناسیيانەی ئەم گرتانە پێش ئەوەی دراماتیک بێت، بەهۆی پشتبەستن بە واقیعەوە مانای خۆیان وەردەگرن. روودانی هەزاران نمونەی هاوشێوەی ئەم گرتەیە لە ناو شەقام و جادەکاندا، جۆرە کردەیەکی زیهنیی دڵنیاکەرەوە لە بینەری فیلمەکەدا دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی بە چێژێکی قوڵەوە بەدیار ئەم گرتەیەوە دابنیشێت. دوو بەشی شەڕکردن لەناو دەربارەی ئێلی (ژنەکە لەبەر گەمژەیی و شاردنەوەی شتەکان لەلایەن مێردەکەیەوە لێی دەدەرێت و داواکارەکەش لە هۆی (بێناموسی)یەوە لەلایەن دەستگیرانی ئێلیەوە لێی دەدرێت)، توانایی خۆیان بەتەواوی لەم روانگەیەوە دەسەلمێنن. بەڵام هیچ کام لەم دوو گرتەیە، فەزایەکی قابیلی بەدواداچوون دروست ناکەن. ئەمیر (مانی حەقیقی) یەکسەر بۆ پاساوی ئەوەی کە کردوویەتی دەڵێت: «ناچاری کردم دەستی لێ بەرزبکەمەوە!» و دەستگیرانەکەی (سابر ئەبر) وەک بڵێی هەر بەتایبەتی بۆ لێدان لە سەروکەللەی ئەحمەد (شەهاب حوسەینی) هاتووەتە ناو فیلمەکەوە. جیابوونەوەی نادر و سیمین، لەم لایەنەوە تێڕوانینێکی دراماتیکتری بۆ ئەم بابەتە هەیە: پاساوی لۆجیکییانەی رەفتاری توندوتیژی حوججەت، جۆرە یاخیبوونێکی دەروونناسییانەی ریشەدار بۆ فیلمەکە زیاد دەکات، کە بەپێچەوانەی بەرهەمەکانی پێشوو، نە شتێکی راگوزەرە و نە دوور لە تەوەری چیرۆکی فیلمەکە. لەناوچوونی کەسایەتیی حوججەت نەک تەنها لەو هەڕەشانەی کە لە پشت دەرگای نەخۆشخانەوە لە نادری ئەکات و نەک تەنها لەو کاردانەوە عەسەبی و وێرانکەرانە (وەک لەخۆدان، شکاندنی شووشەی سەیارەکە، یان هەوڵدانی بۆ هەڵگرتنی کڵاوەکەی پێش ئەوەی سەر بەدەرگاکەدا بکێشێت)، بەڵکو لەو رامان و حەپەسانەدا شاراوەیە کە لەبەردەم بەلوعەی ئاوی دادگاکە، هەروەها سەرسووڕمانی لەوەی کە نادر و سیمین لە نەخۆشخانە ئاگایان لە دۆخی رازییەیە لە هاوکات تەعبیری دەرووني روو لە تەقینەوەی لە رێگەی فۆنەتیک و وتنی زۆرباشی وشەکاندا، شاراوەتەوە. (لەدوای پیاسەی ناو تەم، دووەمین هەوڵی سەرکەوتووانەی شەهاب حسەینی بۆ نزیککەوتنەوە لە نواندنی دەرەکی وەک خەسرەو شەکیبایی)، دروستبوونی کەسایەتییەک رادەگەیەنێت، کە (بەپێچەوانەی مێردەکەی ناو فیلمی چوارشەممە سوری)، ململانێ و شەڕی ناو خێزانەکەی بە ئەنقەست و رۆڵێکی ساختە نییە. پاراستنی ریتم و هاوسەنگیی نواندن لە نواندنی دەرەکیدا و لە سنوری زێدەڕۆیی کردن، مەترسییەکی ئاڵۆزە کە بەهۆی زیادکردنی وردەکاری لە نواندن و ئاراستەکردنی دروستی رۆڵەکان، بووەتە یەکێک لە خاڵە وروژێنەرەکانی ناو فیلمەکە.

٢)لەبەرچاونەگرتنی کامێرا، یان بەمانایەکی تر

# ئەو خاڵەی کە تێگەیشتنی واقیعبینیی فیلم، پەیوەستە بە باوەڕکردن بە گرتەکان، هەموو شوێنکاتێك دەکاتە جێگەیەك بۆ لەبیرچوونەوەی کامێرا

«میزانسنی هەستپێنەکراو» (٦)، یەکێک لە رێگە کاریگەرەکانی فیلمە لە نمایشی واقیعدا. خۆدوورگرتن لە نزیکبوونەوە لە هەلومەرجی سەرنجڕاکێش لە شاری جواندا، بەراورد بە میزانسنی شکستخواردوو و سەرلێشواوی چەند فیلمی سەرەتایی (کە لوتکەی ئەم سەرلێشێواوییە لە بەشی کۆمپانیای خزمەتگوزاری، قوتابخانە یان ناو ئۆتۆمبێل لە فیلمی چوارشەممە سوریدا دەبینین) ئەوە دەردەخەن کە دەرهێنەر بەدرێژایی ١٠ ساڵ و نیو چالاکی لە سینەما و تەلەفزیۆن، کەم تا زۆر لەگەڵ ئەزموون و هەڵەدا، تێگەیشتنێکی دروستی لەسەر دەرهێنانی وێنەییدا بۆ خۆی دروستکردووە. رەنگە گرنگترین و سەرکەوتووترین بەشی فیلمەکانی فەرهادی تا پێش جیابوونەوەی نادر و سیمین، واتە رزگارکردنی منداڵەکەی ناو فیلمی دەربارەی ئێلی، نمونەیەکی گونجاو بێت بۆ تێگەیشتنی وێنە لە دوا فیلمیدا. کەم کەم باوەڕهێنان بەوەی کە شڵەژاوی ئەنقەستی کادرەکان و نزیکبوونەوەی کامێرا کە کەسایەتییەکان دەتوانێت، بینەر زیاتر لەگەڵ واقیعی گرتەکان تێکەڵ بکات، ئەمەش بووەتە هۆی سەرکەوتنی ئاشکرای میزانسنی فیلمی جیابوونەوەی نادر و سیمین. ئەو خاڵەی کە تێگەیشتنی واقیعبینیی فیلم، پەیوەستە بە باوەڕکردن بە گرتەکان، هەموو شوێنکاتێک دەکاتە جێگەیەک بۆ لەبیرچوونەوەی کامێرا. (واتە ئەو شتەی کە لە دەربارەی ئێلی بوونی نییە) و هەربۆیە ئەو تەعلیقەی کە لە کاتی رووداوی ئۆتۆمبێلەکە هەیە، لە گۆشەنیگای واقعییەوە دەبێتە هەوڵێکی بێ ئەنجام بۆ دروستکردنی دوورییەک لە رووداوی بەردەوام و سەرەکەی فیلمەکە. سەرچاوەی ئەمجۆرە بەدواداچوونەی رووداوی واقیعی، لە فیلمی دەربارەی ئێلییەوە دروستبووە. (ئێمە نیگەرانی منداڵەکەین، و کاتێ ئەو رزگارکرا، تێدەگەین ئەبێ نیگەرانی ئێلی بین)، لێرەدا نیگەرانی بۆ باوکی نادر بە بینینی سکانسی هاتنەوەی ئەو بۆ ماڵەوە، دەڕەوێتەوە. بەڵام تەعلیقەکە وەک خۆی دەمێنیتەوە. جێگەی کامێرا و میزانسنی پڕ لە تەعلیقی گرتەکە، کە مەترسیی ئەوەی رازییە سەیارە لێی بدات، زیاتر دەکات و تەعلیقی بەردەوام زیاتر دەکات.

٣)پاراستنی بنەڕەتیی بەردەوامی لە واقیعگەرایی گرتەکاندا، یان بە مانایەکی تر نقومبوونی بینەر لە رەوتی گرتەکاندا بەهۆی بەدوای یەکدا هاتنی خێرا و یەک لەسەر یەکی گرتەکان، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی فیلمەکەشە. بۆ تێپەڕبوون لە خاڵی وەرچەرخانی چیرۆکی فیلمەکە، پێویستی بە رێگەچارەی پڕ لە تەعلیقە. ئەو رێگەچارانەی کە بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر، ریالیزمی فیلمەکە دەخەنە ژێر کاریگەریی ئاراستەی پڕ لە رووداوی درامێکیی پڕ لە ململانێ. ئایا دەکرێت بەبێ پاساوی (علە و معلول) و تەنها بە پێداگرتن لەسەر تایبەتمەندییەکانی بەرهەمێکی رووداوساز، باس لە وەرچەرخانی دراماتیکییانەی فیلمەکە بکەین؟ بێگومان کارێکی ئاسان نییە. ئایا لابردنی ئەو گرتەیەی، کە ئۆتۆمبێلەکە لە رازییە دەدات، دەکرێ وەک خاڵی وەرچەرخانی نمایشی بەرهەمێکی رووداوساز بزانین؟ رەنگە کێشەی سەرەکیی خودی دەرهێنەر دروستی کردبێت ئەوکاتەی (لە گفتوگۆ لەگەڵ گۆڤاری نافە)دا دەڵێت: «ماندوبونی رازییە و جۆری دانیشتنی لە ناو پاسەکەدا نیشانەی ئەوەیە لە گرتەی پێشوودا سەیارە لێی داوە». بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە بەپێی سەرەتای فیلمەکە، رازییە و گێژبوونی لە کاتی شۆردنی قادرمەکانیش (پێش ئەوەی سەیارە لێی بدات) بەرچاو دەکەوێت

پاراستنی بنەڕەتیی بەردەوامی لە واقیعگەرایی گرتەکاندا، یان بە مانایەکی تر نقومبوونی بینەر لە رەوتی گرتەکاندا بەهۆی بەدوای یەکدا هاتنی خێرا و یەک لەسەر یەکی گرتەکان، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی فیلمەکەشە

و بە دەرچەی روانینێکی واقعی بۆ بابەتەکە، لابردنی گرتەی لێدانی سەیارەکە و چۆنێتیی ئەم رووداوە گرنگە (کە هیچ کاریگەریی لەسەر شێوەی رازییە دانانێت)، وەک چۆنێتیی کردنەدەرەوەی رازییە لەلایەن نادرەوە، چۆنێتیی چونەدەرەوەی لەناکاو و خێرای باوکی لە ماڵەکە، نەک لە رووی واقیعییەوە، بەڵکو لە چوارچێوەی گرێبەستی رووداوەکانی ناو فیلمەکەدا شایانی پاساوهێنانەوەن، هەربۆیە ئەو خاڵەی کە فەرهادی بۆ پاساوی واقیعگەراییانەی لابردنی گرتەی لێدانی ئۆتۆمبێلەکە لە گفتوگۆکەدا ئاماژەی پێ دەکات، بە هیچ شێوەیەک دروست نییە.

٤)لە سەرلەنوێ تەماشاکردنەوەی مۆدێلی گێڕانەوەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پرسیاری ریالیستیی فیلمەکە لە روانگەی رووداوەوە بەرەو پێشەوە دەچێت بۆ ئەوەی کەم کەم ناوەرۆکە کۆمەڵایەتییەکانی ئاشکرا بکات. پرسیارێکی ئیستفهامی: «ئایا جیهان (و بەجۆرێکی واقیعگەرا، جیهانی دەرەکی)، شوێنێکی گونجاوە بۆ درێژەدان بە جیهان؟» وەک هەڵبژاردنی تێرمە لە کۆتایی فیلمەکەدا، شوێنێک بۆ پرسیار ناهێڵێتەوە. شکستی ژیانی خێزانی سێ کەسی حوججەت، لەگەڵ شکستی سۆزداریی خێزانی سێ نەفەرەی نادر، بنبەستێک دروست دەکات کە بەئاسانی تێپەربوون لێی مەحاڵە. خاڵی ورد و سورپرایزی سیناریۆکە، بەپێچەوانە و لە سەروو هەموو بەرهەمەکانی پێشووی فەرهادی ئەوەیە، کە یەکێک لە دوو رووداوە جەوهەرییەکانی فیلمەکە، واتە لەبارچوونی کۆرپەلەکە هیچ کاریگەرییەک لە چارەنووسی ئەم دوو خێزانەدا دروست ناکات. گرێی مەترسیدار و وێرانکەری ئەم دوو خێزانە پێش هاتنەناوەوەی رازییە بۆ ماڵی نادر، دروستبووە و بە ململانێی ئەم دوو خێزانە لەگەڵ یەکتر ئاڵۆزییەکە زیاتر دەبێت و هەرگیز ناکرێتەوە. کۆرپەلەکەی رازییە دوای لەدایکبوون، تەنها خەمێکە بۆسەر خەمەکانی تر و سیمین پێش هەڕەشەی حوججەتیش، دەیویست تێرمە لە ئێران بباتە دەرەوە. لەم گێڕانەوە پڕ لە هەڵکشان و داکشانەدا، هیچ شتێک ناگۆڕێت. لە راستیدا هیچ نەماوەتەوە تا بگۆڕێت. تەنها دوو چینی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر یاسادا دەوەستن و ناچار دەبن بەرگری لە خۆیان بکەن. لەم هەلومەرجەدا ئایدیای سەنتەری، (کۆنسێپتی دادوەریکردن) کە دەرهێنەر لە گفتوگۆکاندا بەردەوام ئاماژەی پێ دەکات، بە ئەندازی شیکردنەوەی ئەو هەلومەرجە گرنگ نییە. لە راستیدا بەهۆی پێداگری لەسەر ئەم «چەمک»ەیە کە لابرنی گرتەی ئۆتۆمبێلەکە، یان پەیوەندییەکانی تری سیناریۆ لەگەڵ واقیع، بە ئاشکرا دەکەوێتە ژێر گومانەوە. کۆنسێپتی فیلمەکە نەک تەنها لەسەر چەمکی دادوەریکردن، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی «درۆ»، درۆیەک کە دەرهێنەر بەهۆی نەستی نەریتی/ئایدیۆلۆژییەکەی رازییەی لێی بێبەش دەکات (دێری «من گومانم هەیە» بەس نییە کە بڕوات بۆ لای سیمین و کێشە و بەزمی کۆتایی دروست بێت)، بەڵام بێگوناهبوونی نادر، دەبێ لە رێگەی ددانپێدانانی خۆیەوە لەبەردەم کچەکەیدا روویدات. خۆشبەختانەوە دۆخەکە بە ئەندازەی چوارشەممە سوری خراپ نییە: سەندرێلای تازە بووکی کارەکەر و هاوسەرە گەنجەکەی کە دەبنە ژن و مێردی ئایدیاڵی ناو فیلمەکە، لە پەراوێزی بەفراوی و پاکی پەراوێزی شارەوە لەسەر ماتۆڕ دێنە ناوشاری خەمناک و پڕ لە دووکەڵ و چینی ناوەڕاستی ریاکارەوە، دواجاریش بە ئەزموونکردنی درۆ و فێڵ لەناو خێزانێکی شوققەنشیندا دەگەڕێنەوە بۆ یۆتۆپیاکەی خۆیان.



دەربارەی ئێلی هەڵگەڕاوەی نمونەی پێشووە: کاراکتەرە نەزانەکانی چینی ناوەڕاست وەک چەند بوکەڵەیەک لە ناو دەستەکانی فیلمسازدا بەردەوام خراپەکاری دەکەن، گومانی خراپ دەبەن، چەند رستەیەکی وەک «مرد...تەواو بوو! من ئەمزانی!... لەبەر ئێمە هاتووە!» دووبارە دەکەنەوە، کاراکتەری زیادە بانگهێشتی ناو فیلمەکە دەکەن، دواجار بەهۆی جەبری سیناریۆوە لەناو قوڕ و لیتەدا دەمێننەوە! لە جیابوونەوەدا هاوسەنگی تا رادەیەکی زۆر فەراهەم دەبێت، سیناریۆنووس نایەوێت وەک رەگەزێک لە رووکاری رووداوەکاندا تەماشای کاراکتەر بکات، کەواتە لە هەر شوێنێک کە کاراکتەرێکی قوڵتر یاخود نزیکتر لە سەنتەری رووداوەکانی درامەکە دروست دەکات (نادر، رازییە، حوججەت، و تەنانەت باوکی نادر)، بارودۆخەکە بەباشی بەرەو پێشەوە دڕوات، لە هەر شوێنێک لێی دووردەکەوێتەوە، یان کاراکتەرەکە بە مەودایەکی دوورتر و تەماوی لەگەڵ رووداودا، پێناسە بکات (سیمین، مامۆستاکە) و بەهۆیەوە بۆ بەلۆجیکیکردنی رووداوی پێشوو، رووداوی نوێ دروست دەکات، تا ئەندازەیەک لە رێرەوەکەی لائەدات. هەروەک ئەوەی کە تێڕوانینی نەریتییانەی سیناریۆنووسی (فەرهادی) لە دەربارەی ئێلیدا رێگەی ئەوەی پێ نادات تا کاراکتەرە خۆشگوزەرانەکانی چینی ناوەڕاست (تەنانەت ئەوکاتە کە هیچ مەترسییەک هەڕەشەیان لێ ناکات) دەربارەی حەقیقەت قسە بکەن، لێرەش راستیی رووداوەکە تا پێش ددانپێدانانی نادر و رازیکردنی بۆ پێدانی پارەکە، ئاشکرا نابێت. لە چەند خاڵێک کە

باسکرا و (یەک دوو خاڵی تر) ستراتیژی دەرهێنەر لەژێر کاریگەریی نەستیی نەریتی دەقەکەوە، لە لۆجیک پێشتر دەکەوێت. شتێک کە بەدەستییەوە دەمێنێتەوە، ئیحساسە کە بێگومان بۆ وروژاندنی بینەرەکانی بە توندی هەڵدەقوڵێت و زۆر لە بابەتە ناچارییەکانی مەترسیی گێڕانەوەی چیرۆکێکی پڕ



عەلی ئەسغەر شەهبازی پەیمان میعادی

لە ململانێ، لەژێر کاریگەریی چەمکی دەرهێناندا، بۆ یەکەمجار نابینرێت و بێ بایەخ سەیر دەکرێت. بە هیچ شێوەیەک گرنگ نییە کە سیناریۆنووس بۆ جێخستنی ئەو شتەی کە لەسەری رێککەوتووە، بەشێک لە چیرۆکەکە بشارێتەوە. (کاتێک لە چوارشەممە سوریدا ناتوانێ کاراکتەرەکانیشی بناسێنێت، یان لە دەربارەی ئێلیدا چیرۆکێک بۆ شاردنەوە بوونی نییە، رەزامەندییەکی زیاتر دروستدەکات) یا لە دوا فیلمیدا درۆ لەگەڵ بینەردا دەکات. سینەما جگە لە وێنای مەجازیی واقیع، هیچ مانایەکی تری نییە، هەر کەس لە سینەمادا بەدوای «راستگۆیی»دا بگەڕێت، بڕوای بە وێنەی مەجازیی واقیع کردووە. لەم رەوتە مەجازییەدا، هەموو درۆدەکەن. گرنگ ئەوەیە کە چۆن درۆ دەکەین.

یەکێک لە لەمپەرەکانی سەرکەوتنی تەواوەتیی جیابوونەوەی نادر و سیمین، هەڵسەنگاندنییەتی لەسەر چەمکی: «داوەریکردن» وەک کۆنسێپتی سەرەکیی فیلمەکە. کێشەی سەرەکیی فیلمی دەربارەی ئێلی، داوەریکردن لەسەر رۆیشتن یان نەڕۆیشتنی ئێلی نییە، پارادۆکسی فیلمەکانی فەرهادی لەوەدایە کە بەشێوەیەکی جەبری سەیری چەمکی داوەریکردن دەکات. لەکاتێکدا «جەبر» بەمانا فەلسەفییەکەی ئیرادەی تاک دەسڕێتەوە و لەئاکامدا کۆنسێپتی «داوەریکردن» خۆی لەخۆیدا رەتدەکرێتەوە. (داوەریکردنی مرۆڤێک کە لەناو ئەم یارییە جەبرگەراییەی سیناریۆدایە، یان بینەرێک کە ئەم یارییە دەبینێت، چ گرنگییەکی هەیە؟) رەنگە ئەم گۆڕینە ستراتیژییە، کە نیشانەکانی لە جیابوونەوەدا بەرچاو دەکەوێت، دەسپێکی رێگەیەکی تازە بێت لە فیلمەکانی فەرهادیدا. لە هەلومەرجێکی جەبریدا، داوەریکردن لە تاک دەسەنرێتەوە (شاری جوان نمونەیەکی باشی ئەم بابەتەیە: «عەلا» ناچارە بۆ ئازادکردنی ئەکبەر مل بۆ مەرجێکی نالۆژیکیی دیکەش بنێت، چ جای جیابوونەوەی لە فیروزە، کەواتە چەمکی داوەریکردن لە فیلمەکەدا، لە بنەڕەتەوە وەزیفەی خۆی لەدەستدەدات) و

## ئەوەی دواهەمین فیلمی جیادەکاتەوە، ئاستێکی قەناعەتپێکەر لە توانای زاتی فەرهادییە لە چیرۆکبێژی و تێکەڵکردنییەتی لەگەڵ کاریگەریی عاتفیدا

شوێنەکەی بە هەڵهاتن لەدەست یاسا پڕدەبێتەوە. ئەگەر ئەم جەبرە لە دادگا بهێنینە دەرەوە (هەرچەند لە زۆربەی فیلم و زنجیرە دراماکانی فەرهادیدا، کاراکتەرەکان ناچارن وەڵامی دادگا و پۆلیس بدەنەوە)، کەسایەتیی چینی ناوەڕاستی شارنشین بۆ پاراستنی شێوازی ژیانیان ناچارن شتەکان بشارنەوە و لێرەوە نە داوەریکردنی ئەوان لەسەر یەکتر گرنگیی هەیە و نە داوەریکردنی بینەر دەربارەی ئەوان. بیرکردنەوەی جەبری دەرهێنەر، رەنگە بێ ئەوەی خۆی بزانێت، نەستی نەریتی/ئایدیۆلۆژیی دەق و نووسەرەکەی ئاشکرا دەکات: وەرگەڕانی ناچاری ژیان بەرەو هەڵوەشانەوە و خراپە. رەنگە ئێستا باشتر تێبگەین کە بۆچی کاراکتەرەکانی فیلمەکانی فەرهادی هەمیشە لەژێر کاریگەریی رێکەوتدان. لە بەرامبەر رووداوەکاندا هیچ دەسەڵات و ئیرادەیەکیان نییە و هەموو کاردانەوەیەکی ئەوان بۆ کردنەوەی گرێکان، کۆت و بەندێکی نوێ دروست دەکات. بەرگریی هەمیشەیی و بێ پاساوی سپێدە لە ئێلی، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ تۆمەتی ناوبەناوی ئەوانی تر و پەشیمانبوونەوەیان نییە بۆ ئەو تۆمەتانەی خستوویانەتە پاڵ ئێلییەوە و جلوبەرگی ڕەشی نادر و سیمین (مردنی باوکی نادر؟)، لە دادگاکەدا، بەهانەیەکی بۆ نزیکخستنەوەی ئەم دووانە دروست نەکردووە و پیاوەکەی لە بڕیاری خۆی بۆ مانەوەی لە ئێراندا پاشگەز نەکردووەتەوە. گەڕان بەناو رەوتی ئەم دراما واقیعگەراییەدا، تەنها واقیعێکی تری پشتڕاست کردووەتەوە: ئەوەی کە لە دونیای پڕجەبری فیلمەکەدا، واقیع گۆڕان بەخۆوە نابینێت. واقعێک کە بەهۆیەوە ناچار دەبین، نادر لە سیمین، لۆجیک لە ئیحساس، رێککەوت لە رووداوی پێشتر زانراو، چینی ناوەڕاست لە چینی نزم، درامیی رووداوساز لە میلۆدرامیی خێزانی واقیعگەرا، ستراتیژی فیلمسازی لە پەروەردەی نەریتی، کۆسێپتی سەرەکی لە ناوەرۆکی لاوەکی، و...هتد، جیابکەینەوە.

### ٥)هۆشیاریی غەریزی

لەودیو جیاوازیی حاشاهەڵنەگری فیلمەکانەوە، وەک گۆڕانی ئاراستەی دراماتیک لە نمایشی دوولایەنیی چینە کۆمەڵایەتییەکان (کە جیابوونەوەی نادر و سیمین نمونەی بەرجەستە و کامڵی ئەم جۆرەیە)، دەتوانین ئاماژە بۆ لێکچوونی حاشاهەڵنەگریشیان بکەین. بەڵام گرنگترین رەهەندی هاوبەشی فیلمەکان، نەک چوارچێوە و ناوەرۆکی دیاریکراو، بەڵکو شعور و هۆشیاریی خۆرسک و شێوازی ئەزموون و هەڵەی دروستکەرەکەیەتی، کە فیلم لە دوای فیلم زیاتر ئاشکرا دەبێت. ئەوەی دواهەمین فیلمی جیادەکاتەوە، ئاستێکی قەناعەتپێکەر لە توانای زاتی فەرهادییە لە چیرۆکبێژی و تێکەڵکردنییەتی لەگەڵ کاریگەریی عاتفیدا. سیناریۆ بە ململانێیەکی بەردەوام هەوڵدەدات خۆی لە فیلمەکانی پێشوو باڵاتر نیشان بدات و دەرهێنان لە ئاستێکی هەستپێکراودا خۆی لە رابردوو جیابکاتەوە. بەڵام ئەوەی فیلمەکە پتەو ڕادەگرێت، نەک پابەندبوونی کەم تا زۆری نووسەر بە مۆدێلی سێد فێڵد، بەڵکو ئەم شوێنکاتە کاریگەر و عاتفیانەیە، کە خۆی بۆی زیادکردووە. هیچ هاوکێشەیەک ناتوانێت ئەو کاریگەرییە عاتفییە دروست بکات، کە بۆ نمونە ئەم دیمەنانە دروستی دەکەن (دیمەنی ماڵئاوایی باوکی نادر لە سیمین، یان بانگکردنی سیمین لە جیاتی رازییە، رستەیەکی سادەی وەک «ئەڕۆم رۆژنامە بکرم»)، وەستان و رامانی حوججەت لای بەلوعەی ئاوی

# وتار

ناو دادگا، سەرسوورمان و حەپەسانی حوججەت لە کاتی بینینی نادر و سیمین لە نەخۆشخانە، و وتنی رستەی: «وەرە دەرەوە!»، سەیرکردنی نادر و تێرمە لە کاتی قسەکردن لەگەڵ بەرپرسی بەنزینخانەکە، رووخساری سوممەیە و سەیرکردنی مات و خامۆشی بۆ دوو لایەنی شەڕەکە، میزانسنی جوڵاو لەکاتی بەزم و چەلەحانەیماڵەوە و دادگا و ..هتد). لە راستیدا بەهۆی نیگای غەریزی فیلمساز و پێشکەوتنی بە درێژایی پانزە ساڵ کارکردن لە سینەما و تەلەفزیۆن و تەیکردنی رێگەیەکی پڕ لە ئەزموون و هەڵە، زانایی ئەو لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر بینەر، لەئاستێکدایە کە لەگەڵ وردەکاریی لۆجیکی هەلومەرجە نمایشییەکانی بەراورد ناکرێت. بەڵام قبوڵکردنی ئەو مەترسییە لە دوا فیلمیدا کە ئاراستەی لۆجیکی لە گێڕانەوە لەگەڵ فشار و دڵەڕاوکێی بەردەوام بۆ بینەر و وروژاندنی هەستەکانی لەکاتی بینینی فیلمەکەدا، دروست بکات و بەپێچەوانەی فیلمەکانی پێشوو لەبری خۆدوورگرتن لە درام دەچێتە ناو مەترسیی چیرۆکبێژی و کاراکتەرسازی هیوایەکی تازە دروست دەکات (بەڵام ئایا تا چ رادەیەک سەرکەوتوو بووە، ئەوە بابەتی دوای ئەمەیە). دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەما لە غوباردا، شاری جوان، چوارشەممە سوری و دەربارەی ئێلی، دیمەنی دیالۆگی حەیدەر لەگەڵ نەزەر پێش ئەوەی بیگەیەنێتە نەخۆشخانە، قسەکانی فیرۆزە و عەلا لە ریستۆرانەکە، گفتوگۆی ئەحمەد و ئێلی لە ناو سەیارەکە،.... هیچ دیمەنێکی گرنگی ناو چوارشەممە سوریم لە بیر نییە کە یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە کاراکتەرەکان. بەڵام لە جیابوونەوەی نادر و سیمیندا، هەر سێ پیاوی ناو فیلمەکە بە باشی ئەناسین و هەڵسەنگاندنێکی باشمان بۆ کاردانەوەی رازییە هەیە. بەڵام لاوازیی فیلمەکە، بەتەواوی لە هەست و خودئاگایی دەرهێنەرەوە دێت، مەبەست لەو شوێنانەیە کە بڕیار وایە بگەینە گێڕانەوەیەکی «لۆجیکی»، نووسەر و دەرهێنەر بگاتە ئاستێکی باڵاتر لە تێگەیشتنی هەستەکی بۆ چیرۆکەکە. بە بینینی فیلمەکانی فەرهادی، بێگومان مافی ئەوەی پێ دەدەین کە ئیدی تاقەتی فیلمی (بەسەرهاتی ئانتۆنیۆنی (٧) نەمابێت (هیچ کام لەو دووانەی لە کەنار دەریادا ون دەبن، لەیەک ناچن، بەهەمانشێوە کە هەموو ئامێری خلیسکێنەی رۆزباد نییە_٨_)، و خەون بە دروستکردنی فیلمی کلاسیکەوە ببینێت. (چونکە نزیکەی هەموو فیلمەکانی لەژێر کاریگەریی مۆدێلی کلاسیکدان) و بەشێوەیەکی سروشتی بڕیاری ئەوەبدات چۆنی پێ خۆش بێت، مەترسییەکانی چیرۆکبێژی بگەیەنێتە ئەنجام و بۆ نمونە لە وەڵامی ئەوەی بۆچی تەرمی ئێلیت نیشان دا، بۆمان روون بکاتەوە، کە (نیشاندانی رووداوەکان لە دەرەوەی کادر، کلێشەی فیلمە «هونەرییەکانە») و لەبیری بکات کە هەر ئەم کارەی زۆر بە دروستی لە جیابوونەوەی نادر و سیمین ئەنجام داوە، یان وزەی خۆی بۆ پاساوهێنانەوەی «پێویستییەکانی چیرۆک» بکات، ئەم شێوە گفتوگۆیە، لە رەگەزی لۆجیکی مرۆڤەکانی ناو دەربارەی ئێلی و کردنەوەی کۆدە جەبرییەکانی سپێدەیە، واتە خۆدەرخستن کە ئاگاداری و هۆشیاری کە لە راستیدا وانییە. ستایشی شەخسیی من بۆ ئەم فیلمە ئەوەیە کە لە دروستکردنی ریتمی سروشتی ژیان بەدوداداچوون لە گێڕانەوە و دەرهێنانی وردەکارییەکاندایە. منیش وەک فەرهادی پێم وایە کە فیلمەکە دەبێ لە فەزایەکی ئارام و دوور لە دەنگۆ و کێشمەکێشم ببینرێت. تا وردەکاری و لایەنە سەرنجراکێشەکانی زیاتر بەرچاو بکەوێت

و ئاگاداری کەموکورتییەکانیشی بین. هەربۆیە، پێم باشە نیشانەکانی هۆشیاریی غەزیریی دەرهێنەر لە شێوەیەکی لۆجیکی درامی (سەرباری تێکەڵبوونی عاتفی لەگەڵ فیلمەکەدا) بۆ چوارەم و پێنجەم جار ببینمەوە. بەخۆشحاڵییەوە جیابوونەوەی نادر و سیمین دوای سێ جار بینین، هێشتا هیوابەخشە. بەڵام ئەم هیوایە کاتێ پتەوتر و گەورەتر ئەبێت کە ئەو جەبرەی بەسەر درامەکانی فەرهادیدا زاڵە، کە گرنگترین لەمپەری کاراکتەرسازییە لە ناوجەرگەی ڕووداودا، بیانویەکی مەحکەمتر لە «پێویستییەکانی چیرۆک» بەتەواوی کۆنترۆڵی بەرهەمەکانی بکات.

**پەراوێزەکان:**

*سەعید عەقیقی (لەدایکبوونی ۱۹۷۱/۱۱/۹ کرماشان) سیناریۆنووس، وانەبێژ و دەرهێنەری سینەما. نووسەری چەند سیناریۆیەکی وەک (شبهای روشن، هفت پرده، موج مرده، داستان دوست)، پاڵێوراوی باشترین سیناریۆ بۆ شبهای روشن، لە حەوتەمین جەژنی خانەی سینەما. داوەری بەشی نەتەوەیەی فێستیڤاڵی فیلمی کورتی ئێرانە. ڕەخنەی سینەمایی (بهمن فرمان ارا، نشرقگره، اژانس شیشەای نشر قطره، طعم گیلاس،و ..هتد)، وەرگێڕی سیناریۆی ئادێل. فیلمی فرانسوار ترۆفو...).

١/ Action plot

٢/ Syd Field تیۆریستێکی ئەمریکیی بواری نووسینی سیناریۆیە. ژمارەیەکی زۆر کتێبی دەربارەی چۆنێتیی نووسینی سیناریۆ نووسیوە و ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە سیناریۆنووسەکانی جیهان پەیڕەوی لەم میتۆدە دەکەن. مۆدێلی سید فێڵد ئێستا باوترین مۆدێلە لە هۆلیوود. بەشێوەیەکی گشتی سید فێڵد بونیادی فیلم بۆ ٣ پەردە دابەش دەکات. بۆ نمونە فیلمێکی ١٢٠ خولەکی بە سێ بەشی ٣٠،٦٠،٣٠ خولەک دابەش دەبێت و هەر بەشێک ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە. (و.ک)

٣/ determinism

٤/ suspense

٥/ realism

٦/ Mise-en-scene میزانسن وشەیەکی فەرەنسییە و لە شانۆدا مانای هێنانەسەر شانۆی کردەیەک دەگەیەنێت. بەڵام دواتر هاتە ناو سینەماش بەگشتی بەریتییە لە: ئامادەکردنی دیکۆر و ڕەگەزەکانی و دیارکردنی شوێنی ڕەگەزەکان وەک ڕووناکی، جلوبەرگ، ماکیاژی ئەکتەرەکان و جوڵەیان دوای ئەو کارانە، پەیوەندیی نێوان شتەکان و ئەکتەرەکان، پەیوەندیی ڕووناکی و تاریکی، ڕەنگ، شوێنەی کامێرا و زاویەی بینین و جوڵەی ناو دیمەکان. کەواتە دەرهێنەر بە کۆنترۆڵکردنی میزانسن ڕووداوێک بۆ بەردەم کامێرا دەگوازێتەوە. (و.ک)

٧.پلۆتی فیلمی دەربارەی ئێلی بەئاشکرا لە ژێر کاریگەریی فیلمی (بەسەرهات)ی ئەنتۆنیۆنی نووسراوە. لەم فیلمەشدا کۆمەڵێک گەنجی خۆشگوزەران بەرەو دوورگەیەک دەڕۆن و لەوێ یەکێک لە کچەکان ون دەبێت و تا کۆتایی فیلمەکەش نایبیننەوە، نازانین هۆکاری ونبوونی لەناکاوی چی بوو. ئەسفەر فەرهادی ئەم پلۆتەی بەمانا و مەبەستێکی تر و بە شێوازێکی تر دروست کردووەتەوە و ئێلی (کەسی ونبوو) لە کۆتایی فیلمەکەدا دەردەکەوێت کە خۆی کوشتوە. (و.ک)

٨. Rosebud لە فیلمی هاووڵاتیی کەین-ی ئۆرسۆن وێڵزدا، چارلز فۆستەر کەین (ئەکتەری سەرەکی) لە کاتی مردنیدا ئەم وشەیە دەڵێت کە لە ئینگلیزیدا بەمانای گوڵێک کە تازە خونچە دەرئەکات، دێت. بەڵام لە فیلمەکەدا ئەو ئامێرەیە کە کەین لە کاتی منداڵیدا یاریی خلسیکێنەی لەسەر کردووە و لە دوا گرتەکانی فیلمەکەدا ئەسوتێت. هەر بۆ زانیاریش ئۆرسۆن وێڵز داوای لە ستیڤن سپیلبێرگ کردبوو کە پەنجا هەزار دۆلاری بۆ فیلمێکی نوێ پێ بدات، بەڵام سپیلبێرگ وتبووی پارەم نییە و دوای هەفتەیەک سپیلبێرگ ئەم ئامێری خلیسکێنەی ناو فیلمی هاووڵاتی کەین بە پەنجا هەزار دۆلار کڕییەوە، کە وەکو دەڵێن ئێستا زیاتر لە یەک ملیۆن دۆلار دەکات.. (و.ک)